# دەوڵەت یان کۆمۆنە؟



کارل مارکس

کۆکردنەوەو وەرگێڕانی: ئەنوەر نەجمەدین

# سەرەتا

مەرجی بوونی موڵکدارێتی تایبەتی لەم کۆمەڵگایەدا، بوونی خودی پرۆلێتاریا خۆیەتی، بۆیە سەرکەوتن بەسەر موڵکدارێتی تایبەتیدا، سەرکەوتنی پرۆلێتاریایە بەسەر خۆیدا. بوونی سەرمایە، بوونی چینێکە بەرهەمهێنی سەرمایەیە، بۆیە لەناوچوونی سەرمایە هیچ مانایەک نادات لەناوچوونی بەرهەمهێنەکەی نەبێت.

لەکاتێکا ئەوە پرۆلێتاریایە، سەرمایە بەرهەم دەهێنێت، ئەوە پرۆلێتاریایە ئەم جیهانەی بەسەر شانەوەیە، ئەوا هیچ ڕێگایەک بۆ ڕزگاریی کۆمەڵگا نامێنێتەوە، ڕزگار بوون نەبێت لە سەرمایەو بەرهەمهێنەکەی پێکەوەو لە یەککاتدا. بەو واتایە، شۆڕشی پرۆلێتاریا، شۆڕشی لەناوبردنی چینەکانە بەگشتی، نەک تەنها چینی سەرمایەدار، لەناوبردنی هەموو دەوڵەتێکە، نەک گۆڕینی شێوەیەک لە دەوڵەت بە شێوەیەکی تر.

کارل مارکس دەڵێت: " موڵکدارێتی تایبەتی وەک موڵکدارێتی تایبەتی، وەک سامان، ناچارە بە پارێزگاری کردنی خۆی، واتە بە پارێزگاری کردنی دژەکەیشی لە بووندا کە پرۆلیتاریایە ...

پرۆلیتاریایش لە لایەنی خۆیەوە، وەک پرۆلیتاریا ناچارە بە لەناوبردنی خۆی و لەویشەوە لەناوبردنی دژەکەی، لەناوبردنی مەرجی بوونی خۆی، ئەوەی دەیکاتە پرۆلیتاریا، واتە موڵکدارێتی تایبەتی ...

ئا لەم دژەدا موڵکداری تایبەتی نوێنەری لایەنی خۆپاریزە، پرۆلیتاریایش لایەتی ڕووخێنەر. وە لەکاتێکا یەکەمیان پارێزگاری لەو دژایەتیە دەکات، دووهەمیان هەڵدەستێت بە شکاندنی" (کارل مارکس، العائلة المقدسة).

ئا لەمەوە دەگەینە ئەوەی، کارل مارکس پێشنیاری هیچ جۆرە فۆرمێکی سۆشیالیستی و هیچ جۆرە فۆرمێکی لە دەوڵەت نەکردووە بۆ پرۆلێتاریا بەناوی دەوڵەتی سۆشیالیستیەوە، یان دەوڵەتێک بە ناونیشانی دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا. سۆشیالیزمیش لەلای مارکس، گەلێ دوورە لەوەی فۆرمێک بێت لە دەوڵەت.

مارکس سۆشیالیزم بەمجۆرە دەبینێت: "ئەگەر بەرهەمهێنانی هەرەوەزکاری قسەیەکی بۆش و هەڵخەڵەتێنەرانە نەبێت، ئەگەر ئەو هەرەوەزکاریانە بخرێنە جێگای سیستمی سەرمایەداری، ئەگەر کۆمەڵێک هەرەوەزکاری بەپێی نەخشەیەکی هاوبەش، بەرهەمهێنانی نیشتمانییان ڕێکخست و خرانە ژێر دەستی ئەو هەرەوەزکاریانەوە، ئیتر ئەوە سنوورێک بۆ ئاژاوەی هەمیشەیی و قەیرانەکان دادەنێت و ئەمەیش سەرکەوتنی حەتمی دەبێت بەسەر بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا" (مارکس، شۆڕشی کۆمۆنە).

ئەوانەیشی پێچەوانەی ئەمە دەبینن، با ئێستا گوێیەک بۆ مارکس خۆی بگرن.

# بوونی دەوڵەت و بوونی کۆیلایەتی، هەریەکەیان بەستراون بەوی تریانەوەو لێک جیاناکرێنەوە

مارکس، ملاحظات انتقادية على مقالة "البروسي"

# دەوڵەت

دەوڵەت: بە پێچەوانەی ئەو داخوازیانەوە کە "پروسی" لە پادشاکەیی داوا دەکات، ـئەو هەرگیز لە "دەوڵەتدا ـ لە بونیانی کۆمەڵگادا" هۆکاری نەخۆشیە کۆمەلایەتیەکان نابینێت. وە لەو شوێنەیشی حیزبی سیاسی هەیە، هەموو حیزبێک لە بوونی حیزبێکی تردا شەڕانیەت دەبینێت، حیزبێکی دوژمن بەو، کە لە بری ئەو لەسەر تەختە. وە تەنانەت سیاسیە ڕادیکالە شۆڕشگێرەکانیش، لە جەوهەری دەوڵەت خۆیدا، بۆ ئەسڵی شەڕانیەتی دەوڵەت ناگەڕێن، بەڵکو لە شێوەیەکی دیاری کراوی دەوڵەتدا بۆ ئەو شەڕانێتیە دەگەڕێن، بۆیە دەیانەوێت ئەم شێوەی دەوڵەت بگۆڕن بەو شێوەی تر. بەڵام لە تێڕوانینی سیاسیەوە، دەوڵەت و بونیانی کۆمەڵگا دوو شتی جیاوازنین لە یەکتر. دەوڵەت بونیانی کۆمەڵگایە. وە بەو ئاستەی دەوڵەت دان دەنێت بە بوونی نەخۆشیە کۆمەلایەتیەکاندا، بەو ئاستە، یان هۆکارەکانی ئەو نەخۆشیانە لە یاساکانی سروشتدا دەبینێت کە هیچ هیزێکی مرۆیی ناتوانێت لەناویان ببات، یان لە ژیانێکی تایبەتیدا دەیبینێت کە لەسەر دەوڵەت نەوەستاوە، وە یان لەو کاروکردە ناشایستانەدا دەیانبینێت کە ئیدارەکەی دەوڵەت پێی هەڵدەسێت. بۆنموونە،

ئینگلترە، هۆکاری هەژاریی، لەو یاسا سروشتیەدا دەبینێت کە هەمیشە، بەپێی ئەو یاسایە، دەبێت گوایە زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان خێراتر بێت لە گەشەی ئامرازەکانی بژێوی. لە لایەکی تریشەوە، ئینگلترە خۆی وادەبینێت هۆکاری ئەم هەموو هەژاریە، لە ئیرادەی شەڕانیی هەژاران خۆیاندایە، ئەمە وەک چۆن پادشای پروسی وادەبینێت ئەو هۆکارە لە هەستی دەوڵەمەندە نامەسیحیەکاندایە، وە هەروەک چۆن کۆنفانسیەکان ئەو هۆکارە دەگێڕنەوە بۆ تەرزی بیرکردنەوەی موڵکدارەکان دژی شۆڕش. هەر لەبەر ئەوە ئینگلتەرە هەژاران سزا دەدات، پادشای پروسی گووتار بۆ دەوڵەمەندەکان دەخوێنێتەوە، وە کۆنفانسیەکانیش سەری موڵکدارەکان دەپەڕێنن. دواجاریش، هەموو دەوڵەتان، لە خراپی هەڵسوکەوتی ئیدارەدا، بۆ ئەو هۆکارانە دەگەڕێن، ئیتر ئەمە بە ڕێکەوت بێت یان بە مەبەست. لەبەر ئەوە وا لە ئیجرائاتە ئیداریەکان دەڕوانێت وەک ئەوەی ئامرازێک بێت بۆ ڕیفۆرم کردنی کەموکوڕیەکانی دەوڵەت. بۆچی؟ بە ووردی، لەبەر ئەوەی کە ئیدارە چالاکیەکی ڕێکخراوانەی دەوڵەتە. بەڵام لە پێناوی لەناوبردنی ناکۆکیەکانی نێوان مەبەستی ئیدارەو نیازەکانیدا، لەلایەک، وە لەنێوان ئامرازەکان و توانا بەرجەستەکاندا، لە لایەکی ترەوە، دەوڵەت بە تایبەتی لەسەریەتی خۆی هەڵوەشێنێتەوە، چونکە ئەو ناکۆکیە بەتایبەت لە بناغەکەیدایە، واتە دەوڵەت لەسەر ناکۆکی نێوان ژیانی کۆمەڵایەتی و ژیانی تایبەتی، لەسەر ناکۆکی بەرژەوەندیە گشتیەکان و بەرژەوەندیە تایبەتیەکان وەستاوە .. لەو شوێنەدا ژیانی مەدەنی و کاری مەدەنی دەست پێدەکات، لەو شوێنەدا

دەسەڵاتی دەوڵەت کۆتایی دێت ... بوونی دەوڵەت و بوونی کۆیلایەتی جۆرێک پێکەوە بەستراون کە لێک جیاناکرێنەوە.

وە بۆ ئەوەی دەوڵەت بێتوانایی ئیداریی خۆی لەناوببات، لەسەریەتی ئەم ژیانە تایبەتیەی ئێستا لەناوببات. بەڵام بۆ ئەوەی دەوڵەت ئەم ژیانە تایبەتیە لەناوببات، دەبێت بەتایبەت خۆی لەناوبچێت .. پاڵەوانەکانی شۆڕشی فەرەنسی ئێجگار دوور بوون لەوەی لە سەرچاوەی کەموکوڕیە کۆمەڵایەتیەکاندا بۆ پرنسیپی دەوڵەت بگەڕێن ...

ئەمەیش تەنها ووشەیەکی ترلەبارەی تێڕوانینی ئەو لەسەر ئەم بابەتە.

بەو ئاستەی عەقڵی سیاسی لە میللەتێک لە میللەتەکاندا زیاتر پێشکەوتوو ترو بڵاوتر بێت، بەو ئاستەیش پرۆلێتاریا -لای کەم لە سەرەتای بزووتنەوەکەیدا- هێزەکانی، بێکەڵکانە، بەسەر ئەو ڕاپەڕینە نەزۆکانەدا دابەش دەبێت کە نوقمی خوێناو دەکرێن. ئا لەوکاتەدا کە پرۆلێتاریا بیر لە چوارچێوەی سیاسی دەکاتەوە، ئەوکاتە، هۆکاری هەموو شەڕانیەتێک، لە ئیدارەدا دەبینێت، وە هەموو ئامرازێک بۆ یارمەتی ئەم بابەتە، لە زەبروزەنگدا دەبینێت بۆ خستنی ئەم یان ئەو شێوە لە شێوەکانی دەوڵەت. سەلماندن: یەکەمین ڕاپەڕینەکانی پرۆلێتاریای فەرەنسی. کرێکارانی لیۆن باوەڕیان وابوو، تەنها هەر ئامانجی سیاسیان هەیە، وە ئەوان سەربازی کۆمارییین و بەس، ئەمە لەکاتێکا ئەوان بەکردەوە، سەربازی سۆشیالیستی بوون. هەر بەوجۆرە،

عەقڵە سیاسیەکەیان، ئەسڵی پێداویستیە کۆمەڵایەتیەکەیانی لەلا سڕی بووەوە، هەر بەوجۆرە، تێگەیشتنیان، ئامانجە بەکردەوەکەیانی شێواندبوو، عەقلە سیاسیەکەیان، غەریزە کۆمەڵایەتیەکەیانی خەڵەتاندبوو.

مارکس، ملاحظات انتقادیة علی مقالة "البروسي": "الملك البروسي والاصلاح الاجتماعي، 1844

ئامێری دەوڵەتی ناوەندی، بەهۆی لقە سەربازی و ئاینی و دادگاییە ئاڵۆزەکانیەوە، لە هەموو شوێنێک، هەروەک مارێکی گەورە بە لاشەی زیندووی کۆمەڵگای مەدەنیدا ئاڵاوە، ئەو دەوڵەتەی لە زەمانی پادشایەتی ڕەهادا، وەک چەکێک بە دەستی کۆمەڵگای نوێوە، بۆ ڕزگار بوون لە دەرەبەگایەتی سەریهەڵدا. وە ئیتر ئیمتیازاتی دەرەبەگایەتی بۆ سەروەرەکان و شارەکان و ئاینیەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، گۆڕدرا بە ئیمتیازاتی پاشکۆیەتی دەسەڵاتی دەوڵەتێکی یەکگرتوو. ئەو دەسەڵاتە سەروەرە، دەرەبەگەکانیشی کردە کارمەندی کارگێڕیی پاشکۆ بە دەوڵەت. خزمەتکارانی دەرەبەگەکان و هەرەوەزکاریەکانی شارەکانیش، لە چەک داماڵران و خرانە بەر دەستی سوپای هەمیشەیی. پێکهاتەیەکی ڕێکوپێکی دەسەڵاتی دەوڵەت بە دابەش بوونێکی ڕێکوپێک و زنجیرەداری کار، خرایە جیگای ئاژاوە زاڵە ناکۆکەکانی سەدەکانی ناوەڕاست. شۆڕشی فەرەنسی کە لەسەری بوو یەکێتی نیشتمانی بەهێز بکات (بۆ دروستکردنی نەتەوە)، هەموو سەربەخۆییە ناوخۆییەکانی تێکوپێکشکاند، ئیتر ئەمە بە زەوی و شارو ناوچەوە. وە لەگەڵ بەردەوام بووندا بۆ

تەواوکردنی ئەوەی پادشایەتی ڕەها دەستی پێکردبوو، بە زۆرەملێ، گەشەی دەدا بە سێنترالیزەکردن و ڕێکخستنی دەسەڵاتی دەوڵەت و فراوان بوونی بازنەکەی و زیاد کردنی ئامرازەکانی و فراوان کردنی سەربەخۆییەکەی و فەرمانەکانی بەسەر کۆمەڵگادا ـ ئەو سەروەرێتیە خرایە جێگای سەروەرێتیە ئاسمانیە سروشتیە بەرزەکەو هەموو قەشەکانی سەدەکانی ناوەڕاستیش. وە ئیتر هەموو سوودێکی بچووکی پەیوەندی نێوان بەشە کۆمەڵایەتیەکان، لە کۆمەڵگا جیاکرانەوەو لێیشیان سەربەخۆ کران، بەڵکو کرانە دوژمنی کۆمەڵگایش بە ناوی بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتەوە ..

ئا ئەم (کرمە هەڵاوساوە)[1] مشەخۆرە کە بە کۆمەڵگای مەدەنی شتی دەرخوارد دەدراو خۆیشی بە وەڵامێکی نموونەیی هەژمار دەکرد، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی بۆناپارتی یەکەمدا گەیشتە دوا لووتکەی .. ئەم مشەخۆریەیش هەر زیادی دەکرد لە هەرکاتێکدا کە دابەشبوونی کار، دەستەی نوێی خاوەن بەرژەوەندیی تری دەخستە سەر ئەو دابەشبوونە، وە ئیتر ئەمانەیش بە دەوری خۆیان، دەکەوتنە بیانوو هێنانەوەی نوێ بۆ دەوڵەت. وە لە جەنگی ١٨٤٨ دا، کۆماری پەرلەمانی فەرەنساو هەموو حکومەتە ئەوروپیەکانی ئەو کیشوەرەیش، ناچار بوون بە بەهێزکردنی ئامرازەکانی سەرکوتکردن و گردکردنەوەی دەسەڵاتی حکومەت و ڕێوشوێنی سەرکوتکارانە دژی بزووتنەوەی میللی، تاکە دەرئەنجامی هەموو شۆڕشەکانیش

[1]. مارکس هەمیشە دەوڵەت بە کرمێکی مشەخۆر ناودەبات (وەرگێڕ).

چاککردنی ئامێری دەوڵەت بوو لە بری لەناوبردنی ئەو مۆتەکە خنکێنەرە.

مارکس، شۆڕشی کۆمۆنە

کاملترین نموونەی دەوڵەتی نوێ دەوڵەتی ئەمریکای باکووریە. تازەترین نووسەری فەرەنسی و ئینگلیزی و ئەمریکییش کۆکن لەسەر ئەو ڕایەی کە دەوڵەت بوونی نیە لە پێناوی موڵکدارێتی تایبەتیدا نەبێت، ئەمەیش دەریدەخات کە ئەم بیرۆکەیە چۆتە ناو هۆشمەندیی ئاساییەوە.

مارکس، الايديولوجية الالمانية

گەورەترین دابەشبوونی کاری جەستەیی و کاری زیهنی، جیابوونەوەی شارو لادێ بووە. ناکۆکی شارو لادێیش لەگەڵ تێپەڕبووندا لە بەربەریزمەوە بەرەو شارستانیەت، لە ڕێکخستنی تایەفەگەریەوە بەرەو دەوڵەت، لە هەرێمایەتیەوە بەرەو نەتەوە دەردەکەوێت و بەسەر مێژووی هەموو شارستانیەتەکاندا تێدەپەڕێت هەتا دەگاتە شارستانیەتی ئەمڕۆ.

هەبوونی شار لە هەمانکاتدا پێویستی ئیدارە، پۆلیس، باج، هتد، بەکورتی ڕێکخستنی شارەوانی، واتە بە گشتی سیاسەت لەخۆدەگرێت. وە هەر لەوێشدا بۆ یەکەمینجار دابەشبوونی دانیشتوان بە دوو چینی گەورە سەرهەڵدەدات، ئەوەیش دابەشبوونێکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەستاوە لەسەر دابەشبوونی کارو ئامرازەکانی بەرهەمهێنان. واتە شار

دەرئەنجامی گردبوونەوەی دانیشتوان و سەرمایەو ئارەزووگەرایی و پیداویستیەکانە، ئەمە لە کاتێکا لادێ بە تەواوی پێچەوانەکەی ئەمە دەسەلمێنێت، واتە پەرگیری و پچڕپچڕی. ناکۆکی نێوان شارو لادێیش بوونی نیە لە چوارچێوەی موڵکدارێتی تایبەتیدا نەبێت، ئەمەیش ڕوونترین دەربڕی ملکەچیی تاکە بۆ دابەشبوونی کار، مەلکەچ بوون بۆ چالاکیەکی دیاریکراوی سەپێنراو بەسەریدا -ئا ئەوە ملکەچیەکە مرۆڤێک دەکاتە ئاژەڵێکی شارستانی سنووردار، مرۆڤێکی تر دەکاتە ئاژەڵێکی دێهاتی سنووردار، وە ئیتر هەموو ڕۆژێکیش، ناکۆکی نێوان بەرژەوەندیەکانی ئەمانە نوێ دەکاتەوە ...

مارکس، الایدیولوجیة الألمانیة

ئەو مەرجانەی کە هێزێکی بەرهەمهێنانی دیاریکراوی تێدا بەکار دەهێنریت، ئەوانە مەرجی سەروەرێتی چینێکی دیاریکراویشن بەسەر کۆمەڵگادا: هێزی کۆمەڵایەتی ئا ئەم چینە، کە لە شێوەی خاوەندارێتیەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت، دەربڕینێکی ڕێکوپێکی **بە کردەوەیش** دەدۆزێتەوە بۆ شێوە نموونەییەکەی ئەو تەرزە لە دەوڵەت کە تایبەتە بەخۆی؛ ئەمەیش بۆتە هۆکاری ئەوەی هەموو خەباتێکی شۆڕشگێری، دژی ئەو چینە دەسەڵاتدارە ئاراستە بکرێت کە تا ئەوکاتە سەروەرە لە کۆمەڵگادا.

مارکس، الایدیولوجیة الألمانیة

بەو ئاستەیشی پێشکەوتنی پیشەسازی نویَ، ناکۆکی چینایەتی نێوان کارو سەرمایەی پێشدەخست و فراوانی دەکردو قووڵی دەکردەوە، دەسەڵاتی دەوڵەتیش زیاترو زیاتر مۆرکی دەسەڵاتی سەرمایەی نەتەوەیی لەخۆدەگرت بەسەر کاردا، مۆرکی هێزێکی کۆمەڵایەتی ڕێکخراو لە پێناوی چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتیدا، مۆرکی ئامرازی زاڵبوونی چینایەتی. وە دوای هەر شۆڕشێکیش کە پێشکەوتنێکی لە خەباتی چینایەتیدا تۆمار دەکرد، مۆرکی چەوسێنەرانەی دەسەڵاتی دەوڵەتی بە تەواوی ڕوون دەکردەوە.

**مارکس، شۆڕشی کۆمۆنە**

هەموو ئەو شتانەی بە زیهنی زانا ئابووریە برجوازیەکاندا دێت و دەچێت ئەوەیە کە بەرهەمهێنان لە سایەی پۆلیسی مۆدێرندا باشتر بەڕێوە دەچێت تا لە سایەی یاسای دارستاندا. وە ئیتر بیریان دەچێت کە یاسای دارستانیش هەر یاسایە، وە یاسای ماف هەر بەهێزو زیندووە، ئیتر با ئەمە بەشێوەیەکی تریش بێت لە "دەوڵەتە دەستووریەکانیاندا".

**كارل ماركس، الغروندريسة، ل : ١١١**

ئەو مەرکەزیەتەی دەوڵەت لە کۆمەڵگای هاوچەرخی دەخوازێت، ئەوە تەنها لەسەر بنەمای لەناوچوونی

داروپەردووی ئەو فەرمانڕەوایەتیە سەربازیە بیرۆکراسیە سەریهەڵداوە کە لە خەباتدا دژی دەرەبەگایەتی دروست بووە.

ماركس، الثامن عشر من برومير "لويس بونابرت

وەزیفەکانی دەوڵەت و بوارەکانی چالاکی دەوڵەت، بەستراون بە تاکەکانەوە (دەوڵەت چالاک نابێت بە هۆی تاکەوە نەبێت). بەڵام ئەو وەزیفانە بەستراون بە سیفەتی دەسەڵاتداریی تاکەوە نەک بە سیفەتە فیزیکیەکەی تاکەوە. بۆیە جێگای پێکەنینە کاتێک هیگڵ دەڵێت دەوڵەت "خۆی لە خۆیدا، بەستراوە بە کەسایەتیەکی تایبەتیەوە، ئەمەیش بە ڕێکەوت و بە شێوەیەکانی دەرەوەیدا".

ماركس، مساهمة في نقد فلسفة الحق عند هيغل، ماركس انجلس، بصدد الدولة، ل : ٥١

دەوڵەت بوونی نیە بەو وەسفە نەبێت کە دەوڵەتێکی سیاسیە. هەموو دەوڵەتی سیاسییش، دەسەڵاتی یاسادانەرە [پەرلەمان]. ئەمەیش یانی ئەوەی بەشداری کردن لە دەسەڵاتی یاسادانەردا، بەشداری کردنە لە دەسەڵاتی سیاسیدا.

ماركس، مساهمة في نقد فلسفة الحق عند هيغل، بصدد الدولة، ل : ٦٥

تەنها لە کۆمەڵدا، لەنێو ئەوانی تردا، هەموو تاکێک، کەرەسەکانی گەشەپێدانی تواناکانی خۆیی دەست دەکەوێت لە هەموو ڕوویەکەوە، بۆیە ئازادیی شەخسی بوونی نیە لە کۆمەڵگەی هاوبەشدا نەبێت. لە سیستمەکانی ڕابووردوودا کە وەک ئاڵترناتیڤی کۆمەڵ دەردەکەون، لە سیستمی دەوڵەتدا،

ئازادی شەخسی بوونی نیە تەنها بۆ ئەو کەسانە نەبێت کە لە چوارچێوەی پەیوەندیە چینایەتیە سەرەوەرەکاندا پێشدەکەون.

ماركس، الايديولوجية الالمانية

دەوڵەت دەتوانێت خۆی ڕزگار بکات لە بەربەستێک بەڵام بەبێ ئەوەی مرۆڤ لەو بەربەستە ڕزگاری بووبێت، دەوڵەت دەتوانێت ئازاد بێت بەبێ ئەوەی مرۆڤ ئازادبێت تیایا.

كارل ماركس، حول المسألة اليهودية. ١٨٤٤

دەوڵەت کە هەموو کەس دەزانێت لە بروسیاو ئەمریکای باکووریشدا هەروەک یەکن، دەبێت لەناوببرێت.

ماركس، الايديولوجية الألمانية

**کۆمۆنە شۆڕشێک نەبوو دژی ئەم یان ئەو شێوەی دەسەڵات، شەرعی، دەستووری، کۆماری یان پادشایەتی، بەڵکو شۆڕشێک بوو دژی خودی دەسەڵات خۆی**

مارکس، شۆڕشی کۆمۆنە

# کۆمۆنە

ئەو بزووتنەوە نەمرەی لە ١٨ ی ئازارەوە دەستپێدەکات، بەرەبەیانی ئەو شۆڕشە کۆمەڵایەتیە مەزنەیە کە بۆ هەمیشە مرۆڤایەتی لە حوکمی چینەکان ڕزگار دەکات.

کۆبوونەوەی جەماوەری زیندووکردنەوەی یادی ١٨ ئازاری ١٨٧١

.. وەک دەبینن، من هەر لە دواین فەسڵی کتێبی ١٨ **برۆمێردا،** ئەگەر جارێکی تریش بیخوێننەوە، نووسیوومە، کۆششی داهاتووی شۆڕشی فەرەنسا، نابێت گواستنەوەی ئامێری بیرۆکراسی و سەربازی بێت بۆ دەستێکی تر، وەک تا ئێستا هەروا بووە، بەڵکو دەبێت شکاندنی ئەو ئامێرە بێت. وە ئەوە مەرجی یەکەمی هەر شۆڕشێکی میللیە کە لەم کیشوەرەدا ڕوو بدات. وە هەر ئەو هەوڵەیش بوو هاوڕێ پاڵەوانەکانمان لە پاریسدا پێی هەستان.

مارکس، بۆ دۆدفیک کۆگڵمان، لەندەن ، ٢١ نیسان ١٨٧١

دەسەڵاتی سێنترالیزە کراوی دەوڵەت و ئۆرگانە ئامادەبووەکانی لە هەموو شوێنێک، کە ئەمە لەسەر پرنسیپی دابەشبوونی کار وەستاوە، دابەشبوونێکی ڕێک وپێکی پلە بەندکراو: بە سوپا هەمیشەییەکەی و پۆلیس و بیرۆکراسیەت و پیاوانی ئاین و ئۆرگانە دادوەریەکانیەوە، ئەمە لە ئەسڵدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی پادشایەتیەکی ڕەها، بۆ ئەوکاتەی کە سەبارەت بە کۆمەڵگایەکی برجوازی تازەدەرکەوتوو، هەروەک چەکێکی قورس وابوو، لە خەباتیدا بەکاریدەهێنا دژی دەرەبەگایەتی.

***

کۆمۆنە وەک دژە ڕاستەوخۆکەی ئائەم دەوڵەتە سەریهەڵدا. وە دروشمی "کۆماری کۆمەڵایەتی" کە پرۆلیتاریای پاریسیش لە شۆڕشی شوباتدا هەلهەلەی بۆ لێدەدا، هیچ نەبوو تەعبیرێکی شارراوە نەبێت لەو خواستە کۆماریەی نەک هەر شێوەی پادشایەتی حوکمی چینایەتی و بەس، بەڵکو خودی حوکمی چینایەتی خۆیشی لەنێودەبرد ..

***

وە ئەگەر سیستمی کۆمۆنی لە پاریس و شوێنەکانی تردا خۆی بگرتایە، ئەوا حکومەتی ناوەندی کۆن جێگای خۆی بۆ خۆبەڕێوەبردنی بەرهەمهێنەران چۆڵ دەکرد لە هەموو ناوچەکاندا ..

وە یەکێتی گەلیش بە شکاندنی دەسەڵاتی دەوڵەت دەبووە ڕاستیەک کە ئەو دەسەڵاتە خۆی بەو یەکێتیە دەزانی، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو دەسەڵاتە سەربەخۆ بوو لە گەل، خۆی زل دەگرت بەسەریدا، وە لە واقیعدا دەسەڵاتی دەوڵەت هیچ نەبوو کرمێکی مشەخۆر نەبێت بەسەریەوە. ئەرکەکانی کۆمۆنەیش بڕینەوەی ئەو ئامێرەی چەوساندنەوە بوو کە پاشکۆی دەسەڵاتی حکومیی کۆن بوو، وە داماڵینی ئەو فەرمانانە بوو لە دەسەڵات کە لەسەروو کۆمەڵگاوە بوون، وە تەسلیم کردنی ئەو فەرمانانە بوو بەو بەرپرسانەی کە خزمەتکاری کۆمەڵ بوون. وە ئیتر لە بری ئەوەی هەر سێ یان شەش ساڵ جارێک بریار بدرێت کام ئەندامی چینی سەروەر نوێنەرایەتی کۆمەڵ بکات و بە پەرلەمان بیچەوسێنێتەوە، ئیتر لە بری ئەوە، مافی هەڵبژاردنی گشتی، خزمەتی میللەتێکی ڕێکخراوی دەکرد لە کۆمۆنەکاندا ..

.. هەربەو پێیە، ئەو کۆمۆنە نوێیانەی کە دەسەڵاتی نوێی دەوڵەتیان تێکوپێکشکاند، لە ژیاندنەوەی ئەو کۆمۆنانەی چەرخەکانی ناوەڕاست دەچوون کە دەکەوتنە بەر لە سەر هەڵدانی دەسەڵاتی دەوڵەت .. بینای کۆمۆنییش هەموو ئەو هێزەی بۆ جەستەی کۆمەڵایەتی دەگێڕایەوە کە تا ئەوکاتە دەوڵەتی مشەخۆر دەیمژی و ڕێی لە گەشەی کۆمەڵ دەگرت و هەر لەسەر حسابی کۆمەڵیش خۆراکی دەرخوارد دەدرا .. بوونی کۆمۆنییش خۆی لە خۆیدا، هەروەک شتێکی بەدیهی، لەسەر خۆبەڕێوەبردنی شارەوانیەکان وەستابوو ..

***

کۆمۆنە شۆڕشێک نەبوو دژی ئەم یان ئەو شێوەی دەسەڵات، شەرعی، دەستووری، کۆماری یان پادشایەتی، بەڵکو شۆڕشێک بوو دژی خودی دەسەڵات خۆی .. شۆڕشێک نەبوو ئامانجی گواستنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت بێت لە دەستی بەشێک لە چینە سەروەرەکانەوە بۆ دەستێکی تریان، بەڵکو شۆڕشێک بوو ئامانجی شکاندنی ئامێرە سامناکەکەی خودی سەروەرێتی چینایەتی بوو. ناکۆکیەکی سادەی نێوان شێوەی جێبەجێکارو شێوەی پەرلەمانیی سەروەرێتی چینایەتی نەبوو، بەڵکو شۆڕشێک بوو بەسەر هەردوو ئەو دەسەڵاتە پێکەوە گرێدراوەدا ..

بەڵام ئەم شێوەیە لە سەروەرێتی چینایەتی، هەرەسی نەدەهێنا، ئەگەر دەسەڵاتی جێبەجێکارو ئامێری حکومی، نەکرانایەتە ئامانجی سەرەکی هێرشەکانی شۆڕش ...

وە ئەوەیش هەر خەیاڵێک بوو کە گوایە ئیدارەو حکومەتی سیاسی دوو نهێنین، یان گوایە ئەو فەرمانە بەرزانەن کە نابرێن بەڕێوە تەنها بە دەستە ڕاهاتووەکانی مشەخۆرەکانی دەوڵەت نەبێت .. کۆمۆنە بە تەواوی لە زنجیرەی سیاسەت ڕزگاری بوو، وە خزمەتکارەکانی کۆمەڵ خرانە جێگای مامۆستا لووت بەرزەکان و هەر کاتیش پێویست بوایە لادەبران، بەرپرسیارێتی خەیاڵییش گۆڕدرا بە بەرپرسیارێتیەکی ڕاستەقینە .. وە کۆمۆنە کە پێکهاتەیەکی کرێکاریی هەبوو، هەموو چیرۆکە کۆمێدیەکانی هەڵوەشاندەوە دەربارەی نهێنیەکان و نیازەکانی دەوڵەت ...

***

وه له دواییشدا دەبێت وەدی هێنانی ئەو فۆرمانە، لەسەر هەردوو ئاستی نیشتمانی و ئینترناسیۆنالیستی بن ..

مارکس، شۆڕشی کۆمۆنە

خاوەندارێتی تایبەتی وەک خاوەندارێتی تایبەتی، وەک سامان، ناچارە بە پارێزگاری کردنی خۆی، واتە بە پارێزگاری کردنی دژەکەیشی لە بووندا کە پرۆلیتاریایە ...

پرۆلیتاریایش لە لایەنی خۆیەوە، وەک پرۆلیتاریا ناچارە بە لەناوبردنی خۆی و لەویشەوە لەناوبردنی دژەکەی، لەناوبردنی مەرجی بوونی خۆی، ئەوەی دەیکاتە پرۆلیتاریا، واتە خاوەندارێتی تایبەتی ...

ئا لەم دژەدا خاوەنداری تایبەتی نوێنەری لایەنی خۆپاریزە، پرۆلیتاریایش لایەتی ڕووخێنەر. وە لەکاتێکا یەکەمیان پارێزگاری لەو دژایەتیە دەکات، دووهەمیان هەڵدەستێت بە شکاندنی.

کارل مارکس، العائلة المقدسة

# دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا

لەبەر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونە ماتریالیستیە مێژووییانەی سەرەوەدا، وەڵامی ئەم پرسیارانەیش لە مارکس وەردەگرینەوە:

- ئایا دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا شێوەیەکە لە دەوڵەت؟
- ئایا ئامانج، موڵکدارێتی دەوڵەتە؟

با ئێستا گوێمان لە وەڵامی مارکس خۆی بێت لەو بارەیەوە:

کردنی موڵکدارێتی تایبەتی بە موڵکدارێتی دەوڵەت، لە دوایین شیکردنەوەدا دەمانگەیەنێتە ئەو فیکریەی کە ئیتر برجوازیەت خاوەندارێتی نامێنێ تەنها بەو مانایە نەبێت کە نموونەیەکە لە نەوعی ئەو برجوازیەتەی لە کورتکردنەوەدا ناودەبرێت بە دەوڵەت.

مارکس، الأيديولوجية الألمانية

سەبارەت بەمن، هیچ فەزڵێکم بۆ ناگەڕێتەوە لە دۆزینەوەی چینەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخ و خەباتی چینایەتی لە نێوانیاندا. بە ماوەیەکی درێژ بەر لەمن، مێژوونووسە برجوازیەکان، گەشەی مێژوویی خەباتی نێوان چینەکانیان سادە کردۆتەوە، ئابووریزانە برجوازیەکانیش پێکهاتەی ئابووری چینەکانیان

ساده کردۆتەوە. شتێکی نوێ کە من باسم کردبێت، بورهان کردنی ئەمەی خوارەوەیە بەکورتی:

١) بوونی چینەکان بەستراوە بە قۆناغە دیاریکراوەکانی پێشکەوتنی بەرهەمهێنانەوە،

٢) خەباتی چینایەتی وەک پێویست دەبێتە هۆی دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا،

٣) ئەو دکتاتۆریەتە بۆ خۆی، هیچ نیە سەرکەوتن نەبێت بەسەر چینەکان و تێپەڕبوون بۆ کۆمەڵگایەکی خاڵی لە چینەکان.

**نامەیەک بۆ یوسف فیدیمایر، ساڵی ١٨٥٢**

لە ووتارێکی گاڵتەجاڕیدا کە لە بەرواری ٢٢ حوزەیرانی ئەم ساڵدا بڵاوکراوەتەوە، لۆمەیەکت ئاراستە کردووم لەسەر ئەوەی گوایە من لە سەروەرێتی دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دواوم، بەڵام تۆ، بەپێچەوانەی منەوە، بایەخ بە لەناوچوونی جیاوازی چینایەتی دەدەیت بەگشتی. من لەم ئاڵوگۆڕکاریە تێناگەم .. وە تۆ دەزانیت من لە (بؤس الفلسفة) دا، تەنانەت بەر لە شوباتی ١٨٤٨ یش، بەرگریم لە هەمان ئەو بۆچوونە کردووە.

**ماركس، بيان إلى رئيس تحرير: (NEUE DEUTSCHE ZEITUNG، 1850**

بوونی چینێکی مەزڵوم مەرجێکی زیندووی هەموو کۆمەڵگایەکە کە لەسەر ناکۆکی چینایەتی وەستا بێت. لەمەیشەوە دەردەکەوێت

که ڕزگاری چینێکی مەزڵوم، وەک پێویست، بیناکردنی کۆمەڵگایەکی نویێ دەخوازێت ... بەڵام ئایا ئەمە یانی ئەوەی کە سەروەرێتی چینێکی نوێ، لە دەسەڵاتێکی سیاسی نوێدا بەرجەستە دەبێت، دوای داڕووخانی کۆمەڵگای کۆن؟ نەخێر. مەرجی ڕزگاربوونی چینی کرێکار، سەرکەوتنە بەسەر هەموو چینەکاندا، ئەمە هەروەک چۆن سەرکەوتن بەسەر هەموو پلەبەندیەکاندا مەرجی ڕزگار بوونی پلەی سێهەمی کۆمەڵگای کۆن بوو، واتە برجوازیەت. چینی کرێکار لە ڕێڕەوی گەشەسەندندا، لە بری کۆمەڵگای برجوازی کۆن، پەیوەندیەک دروست دەکات کە هەموو چینەکان و ناکۆکیەکانیان لەنێو دەبات؛ وە ئیتر هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی سیاسی نامێنێت، چونکە دەسەڵاتی سیاسی، دەربڕی ڕەسمی ناکۆکی نێوان چینەکانی کۆمەڵگای برجوازیە.

مارکس، بؤس الفلسفة، ١٨٤٣